## ململانێییەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان

# لەسەر غازو نەوتی دەریای سپیی ناوەڕاست

جیهان قادر



پێشبینی دەکرێت دۆزینەوەی کێڵگەی غاز لەلایەن ئیسرائیلەوە لەدەریای سپی ناوەڕاست، ببێتە هۆی زیادکردنی بارگرژیەکانی نێوان لوبنان و ئیسرائیل، چونکە حکومەتی لوبنان خۆی بەشەریکە بەشی ئەو سامانە دەزانێت لەو دەریایەدا.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە ناوەندی توێژینەوەی ئاسایشی ئیسرائیل ئەنجامداوە ئەوە ولاتە لەبەر پێداویستی ئەمنی و ستراتیژیەکانی کار بۆ ئەوە دەکات کە پشت بەستنی بەنەوت کەمبکاتەوەو بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەغاز ببەستیت بۆ دابینکردنی وزەی پێویست بۆ ولاتەکەی، ئەمە لەکاتێکدایە کە چاودێران پێشبینی دەکەن خواست لەسەر وزەی خاوێن بەتایبەتی غاز لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا بەرێژیەکی بەرچاو زیاد بکات و سەرمایەگوزاریش لەکەرتی غاز لەجیهاندا بگاتە (٤٠٠) ملیار دۆلار،چونکە غاز بە یەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی وزەو بەدۆستی ژینگە دادەنرێت و دوایین لێکۆڵینەوەکانیش دەریانخستووە غازی سروشتی سەدا (٢٣) کۆی قەبارەی بەکارهێنانی وزەی جیهان پێکدەهێنێت و پێشبینی دەکرێت کە ئەم ڕێژەیە لە (٢٠) ساڵی داهاتوودا ببێت بە دوو هێندە، لەبەر ئەوەی پێشبینی دەکرێت قەبارەی هاوردەکردنی غازی شل لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠١٥) بگاتە (١٣٠) ملیۆن تەن، بەلاّم ولاّتانی یەکێتی ئەوروپا لەساڵێکدا (٥٥٠) ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی بەکاردەهێنن. لەتوێژینەوەیەکیشدا کە لەبارەی خواستی جیهانی لەسەر غاز ئەنجام دراوە ،دەرکەوتووە خواستەکە لە ساڵی (١٩٩٥)دا ڕۆژانە (١٩٥)ملیار مەتر سێجا بووە و لە(٢٠٠٧)دا گەیشتۆتە (٢) هەزار و (٤٠٠) ملیار مەتر سێجا پێشبینیش دەکرێت خواستە جیهانیەکان لەسەر غاز لەساڵی (٢٠١٠)دا بەرزببێتەوە بۆ (٣) هەزار و (١٠٠)ملیار مەتر سێجا لەڕۆژێکدا پسپۆڕانیش لەو باوەڕەدان ئەمە پاڵ بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی غازو نەوتەوە دەنێت کە چەندین ملیار دۆلار لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی وزە خەرج بکەن بۆ ڕووبەڕوبونەوەی خواست لەسەر وزەیەك کە دۆستی ژینگەیە ،ئەمەش لەکاتێکدایە کە زیاتر لە سەدا (٥٠)ی یەدەگی غازی جیهان دەکەوێتە ولاتانی (ڕوسیا و ئێران و ئۆکرانیا و کازاخستان و ئۆزبەکستان و بیلاڕوسیا)، هەروەك کۆمپانیای (گاز برۆم)ی ڕوسی خاوەنی درێژترین هێڵی گواستنەوەی غازە کە درێژییەکەی دەگاتە (١٥٠) هەزار کیلۆمەترو لەرێگەی ئەو هێڵەوە ڕوسیا سێ یەکی غازی سروشتی ئەوروپا دابین دەکات. لەئێستاشدا شارەزایانی بواری نەوت و غاز پێیان وایە یەکەم پاڵنەری بەکارهێنانی غاز لەبری نەوت لە زۆربەی ولاّتان دەگەڕێتەوە بۆ نزمی نرخەکەی بە بەراورد لەگەڵ سووتەمەنی شل، سەرەرای ئەمەش پێشبینی دەکەن، کە وەبەرهێنان لەوزەی پاك کە بەندە بەنرخی نەوت و پلان و ئاڕاستەی گۆڕان و گەڕان بەدوای ئەو جێگرەوانەی کە نرخیان کەمترە زیاد بکات، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لەداهاتوودا بەرهەمی غاز پەرەی پێبدرێت و جێگایەکی بەرچاویش بۆ خۆی بکاتەوە لەبازاڕەکانی وزەدا، چونکە لەڕووی کێبڕکێی نرخیشەوە جۆرەکانی دیکەی وزە برەویان لەنەوت و غاز نەبردۆتەوە ،بۆیە لەئێستادا ژمارەیەکی بەرچاو لەولاّتانی جیهان هەولدەدەن سود لەغازی سروشتی وەرگرن چ بۆ دابینکردنی پێداویستیە ناوخۆیەکان بێت یاخود هەناردەکردنی بێت بۆ بازاڕەکانی جیهان کە لەم بوارەشدا هەرێمی کوردستان هەنگاوی باش ناوە کە چاوەڕوان دەکرێت کوردستان لەرێگەی هێڵی نابوکۆ لەداهاتوودا ڕۆژانە (١) ملیارو (٥٠٠) مەتر سێجا گازی سروشتی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات.

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەبەکاربردنی غاز لەئیسرائیل، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە ناوەندی توێژنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل ئەنجامیداوە ئابووری ئەو ولاتە لەساڵی (٢٠٠٩) نزیکەی (٤) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن مەتر سێجا غازی بەکاربردوە لەکاتێکدا ئەو ڕێژەیە لەساڵی (٢٠٠٧) (٢) ملیارو (٧٠٠) هەزار مەتر سێجای تۆمارکردوەو لەساڵی (٢٠٠٥)یش گەیشتوەتە (١) ملیارو (٦٠٠) ملیۆن مەتر سێجا ،کە زیاترە لەنیوەی ئەو غازی ئیسرائیل بەکاری دەهێنێت کۆمپانیای هاوبەشی (یام تیتیس) (غازی ئیسرائیلی) دابینی دەکات،ئەوەی تریشی کۆمپانیای (ئەی ئیم جی) میسری بۆ ئیسرائیلی دابین دەکات کە لەساڵی (٢٠٠٩)دا غاز سەرچاوی سەرەکی بوو بۆ دابینکردنی سەدا (٤٠) کۆی کارەبای ئەو ولاّتە ،کە کۆمپانیای (ئەی ئیم جی) میسری سەدا (٣٧)ی غازی سروشتی بۆ کۆمپانیای کارەبای ئیسرائیلی دابین کردوە ،لەئێستاشدا بەپێی داتاو زانیاریەکانی حکومەتی ئیسرائیل پێشبینی دەکرێت ئاستی بەکاربردنی ئەو ولاّتە لەغازی سروشتی زیاد بکات و لەساڵی (٢٠١١) بکاتە (٦) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن مەتر سێجا کە سەدا (٧٨)ی بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو ئەوی تریش بۆ پێداویستیەکانی پیشەسازی بەکاردەهێنرێت ،هەروەك چاوەڕوان دەکرێت ئەو ڕێژەیە لەساڵی (٢٠١٥) بکاتە (٩) ملیار مەتر سێجاو لەساڵی (٢٠٢٥) بکاتە (١١) ملیار مەتر سێجا، بۆیە لەئێستادا حکومەتی ئیسرائیل لەچوارچێوەی بەرنامەیدا بۆ دابینکردنی ئاسایشی ولاّتەکەی هەولّدەدات سەرچاوەکانی بەدەست هێنان وزە هەمەچەشن بکات و سود لەسامانی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان وەرگرێت چ لەرێگەی پرۆژەی هێڵی نابوکۆ بێت یان دامەزراندنی هێڵێکی نوێ کە نەوت و غاز هەرێمی کوردستان بگوازێتەوە بۆ بەندەرەکانی ئیسرائیل ،ئەمە لەکاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە (٤٥) ملیار بەرمیلە لەیەدەگی نەوت و (٢٠) ترلیۆن پێ سێجا لە گازی سروشتی ،ئەمەش سەرەڕای ئەوەی دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان، داهاتێکی بەرچاویش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەر دەکات ،کە تورکیا پێی وایە ئەمە مەترسیە بۆ سەر ولاّتەکەی ،چونکە بوژانەوەو گەشەپێدانی ئابووری کوردستان یارمەتیدەری سەرەکی دەبێت لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەکوردستان.

لەئێستاشداپێشبینی دەکرێت دۆزینەوەی کێڵگەی غاز لەلایەن ئیسرائیلەوە لەدەریای سپی ناوەڕاست، ببێتە هۆی زیادکردنی بارگرژیەکانی نێوان لوبنان و ئیسرائیل، چونکە حکومەتی لوبنان خۆی بەشەریکە بەشی ئەو سامانە دەزانێت لەو دەریایەدا ،بۆیە (جەبران باسیل) وەزیری وزەی حکومەتی لوبنان لە دەسپێکی مانگی ئابدا ئاماژەی بەوەدا کە لەسەرەتای ساڵی (٢٠١٢) ولاّتەکەی بەنیازە خولێکی مۆڵەت پێدان بەکۆمپانیاکان دەست پێبکات بۆ گەڕان و پشکنین بەدوای غاز لەلێوارە ئاویەکانی دەریای سپی ناوەڕاست ،ئەم لێدوانەی وەزیری وزەی لوبنان دوای بڕیاردانی پەرلەمانی ئەو ولاّتە لەسەر یاسای وزە هات کە تیدا ماف و ئەرکی وەزارەتەکان و ئیدارە جیاوازەکانی ئەو ولاّتە دیاری دەکات، کە بەپێی دەقی ئەو یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێنیت بۆ ئیدارە کردنی کەرتی نەوت و چالاکیە نەوتیەکان و سەرپەرشتی کردنی وردە کاریەکانی پرۆتۆکۆڵە نەوتیەکان ،ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی لوبنانی لەم دواییدا ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ولاّتەکەی چەند کێڵگەیەکی غازی دۆزیوەتەوە، ئەمەش جێ بایخ پێدانی ئەو ولاّتەیە کە هیوادارە لەرێگەی بەدەستهێنانی داهاتە غازیەکان لەداهاتوودا بتوانی قەرزەکانی بداتەوە کە لەئێستادا دەکاتە نزیکەی (٥٢) ملیار دۆلار.

لەلایەکی دیکەوە ،لەئێستادا حکومەتی ئیسرائیل هەولّدەدات سەرچاوەکانی بەدەست هێنانی غاز هەمەچەشن بکات کە بەم دواییە ئیسرائیل دۆزینەوەی کێڵگەیەکی گەورەی غازی لەدەریای ناوەڕاست ئاشکراکرد کە بڕی (١٦) ترلیۆن پێ سێجا غازی تێدایەو حکومەتی لوبنان خۆی بەشەریکە بەشی ئەو سامانە دەزانی،چونکە مەزەندە دەکرێت ئەو کێڵگەیە تا ئاوە هەرێمایەتییەکانی لوبنان درێژە بکێشێ ،بۆیە دۆزینەوەی ئەم کێڵگەیە گفتوگۆی لەناو پەرلەمانی لوبناندا دروست کردووەو (نەبیە بری) سەرۆکی پەرلەمانیش ئاماژە بەوە دا کە ئیسرائیل دەیەوێت نەوت و غازی ولاّتەکەی بدزێت ،ئەمەش وادەخوازێت ولاّتەکەی بەپەلە لەئاوە هەرێمایەتیەکانی لوبنان بەدوای نەوت و غاز بگەڕێت، کە بەپێی توێژینەوەیەکی پەیمانگای جیۆلۆجی ئەمریکایی کە لەکۆتایی مانگی نیسانی ڕابردوودا بلاّویکردوەتەوە ، دەریای سپی ناوەڕاست بڕێکی زۆر غازی سروشتی لەژێردایە کە بە (١٢٢) ترلیۆن پێ سێجا دەخەمڵێنرێت ،هەروەها بەپێی توێژینەوەیەکی یەکێك لەکۆمپانیا نەرویجیەکان ئاماژە بەوە دراوە کە (٢٥٦) ترلیۆن پێ سێجا غازو (٣٠٨) ملیۆن بەرمیل نەوت لەژێر ئاوی هەرێمایەتی لوبناندا هەیە.

هەروەك، حکومەتی لوبنان ترسی ئەوەیە هەیە کە ئیسرائیل دەسبکات بە پرۆسەی هەڵکەندنی ئاسۆیی و بەشەکەی لوبنانیش بۆ خۆی بەرێت، بۆیە چاودێران بەدووری نازانن کە دۆزینەوەی ئەم کێڵگە غازیە ببێتە هۆی فاکتەرێکی تری بارگرژی لەناوچەکەداو سەرهەڵدانی جەنگێی نوێ لەنێوان ئەو دوو ولاّتەدا ،بەتایبەتی کە لەئێستادا پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان بارگرژی پێوە دیارەو تا ئێستاش بەشێوەیەکی ڕەسمی هەردوو ولاّت لەدۆخی جەنگدان ،هەروەها بەدوور نازانرێ ئەم کێشەیە بگوزارێتەوە بۆ هوڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**زیاتر لە سەدا (٥٠)ی یەدەگی غازی جیهان دەکەوێتە وڵاتانی (روسیا و ئێران و ئۆکرانیا و کازاخستان و ئۆزبەکستان و بیلاڕوسیا)**

**هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە (٤٥) ملیار بەرمیلە لەیەدەگی نەوت و (٢٠) ترلیۆن پێ سێجا لە گازی سروشتی**

---

## دوانین ڕوانین



پرۆفیسۆر د. محەممەد رەئوف سەعید

## قەیرانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و تەمومژی گرێبەستە نەوتییەکان

دەستوری عێراق بەو پێیەی دەستوری ولاّتێکی فیدرالیە لەپێناو بەخشینی دەسەلاّتی زیاتر بەهەرێمەکانی و پاراستنی تایبەتمەنیەکانیان، مافی داوە بەهەرێمەکان لەچوارچێوەی دەستوردا یاسای تایبەت بەخۆیان دەرجێنن و ئەگەر هاتوو ئەم یاسا هەرێمیانە ناکۆکی پەیداکرد لەگەڵ یاسا فیدرالەکاندا یاسا هەرێمیەکان زاڵدەکرێن بەسەر یاسا فیدرالیەکاندا.

لەهەمان کاتدا دەستوری عێراقی جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەوت سامانێکی نەتەوەییە خاوەنداریتی بۆ هەموو تاکە عێراقیەکانە، بەلاّم سەبارەت بە پرۆسەی ئابوریەکان و ئەنجامدانی گرێبەستی نەوتی لەتەك کۆمپانیا نەوتیەکاندا دەستوری عێراقی گوزارشت لەوە دەکات کە هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی نەوتیان هەیە دەتوانین بەهەماهەنگی پێکەوە پرۆسە نەوتیەکان ئەنجام بدەن بەمەرجێك هەناردەکردنی نەوتی خاو بکەوێتە ژێر دەسەلاّتی حکومەتی فیدرالی عێراقەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسود وەرگرتن لەو مافە دەستوریەی کە هەرێمەکان هەیانە بەپەلە یاسایەکی نەوت و گازیان خستە بەردەم پەرلەمانی کوردستانەوە کە بەهەمان شێوە بەپەلە دەنگدانی لەسەر دراو یاساکە دەرچوو، کەواتە بەپێی بۆچونی دەسەلاّتدارانی هەرێمی کوردستان دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان بەشێکە لەمافە دەستوریەکانی هەرێمی کوردستان و هەر کارێك ئەنجام بدرێت لەچوارچێوەی ئەو یاسایە کارێکی دەستوری و یاساییەو لەبەر ئەوەی یاساکەیش مافێکی دەستوری هەرێمی کوردستانە، کەواتە ئەو کارە دەبێتە کارێك لەچوارچێوەی دەستوری عێراقیداو دەبێتە کارێکی دەستوری.

ئەگە بۆچونی دەسەلاتدارن لەهەرێمی کوردستان ئەوە بێت کە ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی نەوتی یاسایی و دەستوریە، هەندێ شارەزایانی بواری نەوت بەتایبەتی لەوەزارەتی نەوتی عێراقی پێیان وایە نەدەبوو هەرێمی کوردستان ئەو یاسایە دەربکات و نەدەبو تاك لایەنانە دەست بیات بۆ پرسی نەوت و گرێبەستە نەوتی لەگەڵ هەندێ کۆمپانیا ئەنجام بدات بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندنی حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێکەوتنێك لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادایە باس لەوە دەکات کە ئەگەر تا ساڵی (٢٠٠٧) پەرلەمانی عێراق پرۆژە یاسای نەوت و گازی عێراق پەسەند نەکات ئەوا حکومەتی هەرێم مافی هەیە یاسای نەوت و گاز دەربکات و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان واژۆ بکات،کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر لەروخاندنی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی (٢٠٠٣)دا چەند گرێبەستێکی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان واژۆ کردووە.

بۆ ئەوەی بزانین چی یە وایکردوە عێراقیەکان ناڕەزایی دەربڕن سەبارەت بەوەی ئەنجام دراوە لەبواری گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان،چاودێران پێیان وایە کە ئەو ناڕەزاتیە دەگەڕێتەوە بۆ خودی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئەو یاسایەی کە پرۆسە نەوتیەکانی خستوەتە نێو دەستی لیژنەیەکی بالاّی نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان، ئەو یاسایەی کە پەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر داوەو وایکردوە پەرلەمانی کوردستان دەسەلاّتی خۆی نەهێڵی لەبواری ئەنجامدانی پرۆسە نەوتیەکان و دەسەلاّتی خۆی نەهێڵی لەبواری چاودێری کردنی کارەکانی ئەو لیژنەیەو کارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان.

لوجێکی لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی دەستوری عێراقی ئەوە دەخوزاێت پرسە نەوتیەکان بەهیچ جۆرێك نەشاردرێتەوە لەگشت تاکەکانی عێراقی، چونکە هەر تاکێکی عێراقی برە بەشی خۆی هەیە لەهەر تنۆکە نەوتێکی عێراق و بگرە نەوکانی ئایندەیش مافیان لەم نەوتە هەیە لەبەر ئەوەی نەوت سامانێکی نەتەوەییەو سامانی نەتەوەیش بەتەنها موڵکی یەك نەوە نیە، کەواتە ئەو نەوتەی لەژێر زەوی عێراقدا هەیە، بەتەنها موڵکی ئەم نەوەیە نیە،بەڵکو ئەم نەوەیەی ئێستا ناتوانێت نەوەکانی ئایندە فەرامۆش بکات و عێراقی عەرەبی ناتوانێت مافی خەڵکی کووردستان لەو نەوتانەی هەن لەبەسرەو عەممارەو شوێنەکانی دیکە فەرامۆش بکات، لەهەمان کاتدا هەرێمی کوردستان تا ئەو کاتەی کوردستان بەشێك بێت لەعێراق ناتوانێت مافی عێراقیەکانی دیکە لەنەوتی هەرێمی کوردستان بێ بەش بکات، کەواتە ئەگەر هاتوو هەموو عێراقیەك مافی لەنەوتی ژێر زەوی هەرێمی کوردستاندا هەبێت، هەرێمی کوردستان بوێ نیە بڵێت نەوتی کوردستان بەتەنها تایبەتی بەکوردستان و چۆنمان بوێت پرۆسەی نەوتی ئەنجام دەدەین، چونکە گەر ئێمە ئەمە بڵێین و بیکەین دەبێت لەبەرامبەردا قبوڵی ئەوە بکەین عێراقیەکانیش مافە دەستوریەکانمان لێ وەربگرنەوە، وەك چۆن ئێستا بەهرەمەندین لەنەوتی عێراق ئەوەی کەوتوەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆنمونە بۆ ساڵی (٢٠١٠) بڕە بەشی هەرێمی کوردستان بریتی بوە لە (٦) ملیارو (٦٠٠) ملیۆن دۆلار کە نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەو بڕە بەشەی کوردستان کە بریتیە لەسەدا (١٧)ی بودجەی عێراق.

بەگەڕانەوە بۆ قەیرانی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئەو یاسایەی نەك هەر کەلێنی دابڕانی تیادایە لەدەستوری عێراقی بگرە بەپێی لۆجێکی بنما دیموکراسیەکان دوور کەوتنەوەیەکی زەقە لەپرانسیپی دیموکراسی، ئەو پرانسیپەی دەخوازێت پانتایی گفتوگۆکان و بەشداریکردن لەبڕیار وەرگرتندا لەفراوانترین ئاستاکانیدا بێت، بەلاّم ئەم یاسایە نەك دەبو شتەکان لەجیێ خۆیدا بهێڵێتەوە، بەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆ دەنگ بن لەسەر هەر پرۆسەیەکی نەوتی و بڕیار وەرگرن لەسەری دوای ڕاسپاردەی چەندها لیژنەی جیاجیا و دواتر تێرو تەسەلاّنە لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت یاخود ڕەت بکرێتەوە، بگرە دەبو یاسایەك کە کاروباری گرنگترین و هەستیارترین دۆسە ڕێکدەخات و پەیوەستە بەچەندین فاکتەرو ڕەگەزی ناوەکی و دەرەکی و هەر هەنگاوێك تیایدا چەندین پرسی پەیوەندیداری ڕاستەوخۆو ناڕەستەوخۆ دەوروژێنی، دەبو یاسای نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان یاسایەك بوایە ئەژماری بۆ وردو درشت بکردایە بەشێوەیەك کە فراوانترین گفتوگۆ لەسەر پرسی نەوت بکرایەو ناوەندی بڕیاری فراوانتر بکرادایە.

هەرچەندە زۆربەی نهێنیەکانی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا شاراون، بەلاّم ئەوانەی ئاشکراکراون لەژێر فشارە ناوەکی و دەرەکیەکان خراوەتە ڕوو ئەوە بەدەردەخەن کە هەرێمی کوردستان لەگرێبەستە نەوتیەکان ناحەقیەکی گەورەی لەگەڵ کراوە ،نازانرێ ئاخۆ ئەمە لەپای چی پشکی کۆمپانیاکان کە گرێبەستیان لەگەڵ کراوە ڕێژەیەکی گەورە بێت و بگاتە سەدا (٦٠)و تەنها سەدا (٤٠) بۆ هەرێمی کوردستان بێت، ئاخۆ ئەم دەست بەردار بونە گەورەیە لەپای ئەو شیرینیانە بێت کە لەبەرامبەری گرێبەستەکاندا وەرگیراون، ئەگەرچی دۆسیەی شیرینیەکانی گرێبەستە نەوتیەکانیش بەشی خۆی قسەی لەسەر بکرێت، ئاخۆ ئەو (٥) ملیار دۆلاری کە وەرگیراوە بۆ چی لەدەرەوەی ولاّت خراوەتە بانکێکی ئەوروپی، ئاخۆ ئەوە دەگوترێت گوایە ملیارێکی لێ خەرج کراوە بۆ چی لەدەرەوەی بازنەی دەسەلاّتی پەرلەمان کراوە، خۆ ئەگەر هەر پاساوێك بهێنرێتەوە بۆ بەستنی گرێبەستی نەوتیەکان، هەر پارەیەك بهێنرێتە دەست لەفرۆشتنی نەوت و وەرگرتنی شیرینی دارایی گشتی یەوە دەبێت بخرێتە ژێر دەستی پەرلەمان و پەرلەمان هەڵدەسی بەخەرج کردنی.

ئەگەر بێینەوە سەر پاشماوەی شیرینیەکان کە گوایە نزیکەی (٤) ملیاری ماوە لەبانکێکی ئەوروپی باشە ئەو بڕە پارە گەورەیە کە بێگومان سودی لەسەر هەیە، نازانرێ سودەکە کەچوەتە سەری چەندەو ئاخۆ بۆچی دورونزیك باسی لێ ناکرێت.